

# شەرواڵ

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ
(زانکۆی سۆران – کۆلێژی ئاداب)

تەمەنم ١٠ساڵان بوو لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، تا ئەو کات شەرواڵ و پانتۆڵ و کراس و هیچ جۆرە جلوبەرگێکی ئەوتۆم لەبەر خۆمدا نەبینیبوو، تەنیا دزداشەی عەرەبی نەبێت، ئاخر ئێمە لە گوندێکی دوورەدەستی ئەو گەرمەسێرە، بەتایبەتی جلوبەرگی منداڵ و مێردمنداڵ، هەر تەنیا ئەو دزداشەیە بوو، ئەوەش ساڵی جارێک دزداشەیەکی (بازەی خەتخەت) پارچەکەی، دایکم لەلای مام خالید بۆی دەکڕیم.

مام خالید بەگوێدرێژێکی پیرەوە دەهات، هەگبەکەی پڕبوو لە چەندان جۆرە پارچەی ژنانە و پیاوانە و منداڵانە، ئەو گوند بەو گوند و کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا (کوتاڵ کوتاڵ کوتاڵی ژنانە و پیاوان، هیی منداڵ...)

جا (میم عەفاو)ی بەرگدوورش، قەیرە کچێکی ئاقڵ و سەلار و ڕووخۆش بوو، لە گەڵ دایکم هەمیشە دەچووینە لای بۆ دوورینی دزداشە، ئەو بۆ بە باڵا بڕینم، دەستی لە ناو شان و کەمەریشم دەدا، من بەوەیان زۆر شەرمم دەکرد، ئاخر زۆر کەم ڕێک دەکەوت ئێمە لەو تەمەنانەدا دەرپێ قوتەشمان لەبەربێت، تەنیا لە کاتی چوونم بۆ قوتابخانە لە بەرم دەکرد، ئەویش دەرپێیەکی خامی سپی گەورەبوو، لەئەسڵدا هی برا گەورەکەم بوو، تەنیا لاستیکی دۆخینەکەیان بۆم توند کردبووەوە.

هەر ئەو ساڵە بابم بڕیاری دا بچێت بۆ (حەج)، لە بەرئەوە وتی پێش ڕۆیشتنم دەبێ هەمووتان پۆشتە بکەمەوە، ئەوە بوو بە منی وت کوڕم لە ئێستاوە شەرواڵ و کراسێکت بۆ دەکەم وەک خۆت جوان بێت..

ئیتر بابم چووە شار و لە گەڕانەوەیدا بێجگە لەوەی بۆ هەموو خوشک و براکانم و بۆ دایکیشم جلوبەرگی نوێی کڕیبوو، کراسێکی سپی و پارچە قوماشێکی مەیلەو خاکی بۆ من هێنا بوو، کە لەلای

میم عەفاو بۆم بکا بە شەرواڵێکی زۆر جوان، لە هەردووڵا ڕانیشییەوە گیرفانی هەبێت، ئەوجا باوکم دەیگوت کوڕم وا دەبی بەپیاو، دەبێت فێری دۆخین بەستنیش ببیت، ئیتر لەگەڵ دایکم چووینە لای میم عەفاو و پاش ئەوەی پیرۆزبایی گەرمی لێ کردم، شەرواڵی بۆم بڕی، توند خۆمم گوشی بۆ ئەوەی، دەست و پەنجەی بەر شوێنی هەستیارم نەکەوێت.

بابم لە گەڵ کۆمەڵێک خەڵکی شار و گوندەکانی تری دەوروبەرمان بە پاسە دارینەکەی حاجی بەکر، کە پێشیان دەوت (دگ النجف) ڕۆیشتن، نزیکەی مانگێک پێش جەژن بوو، گەردن ئازادی لە هەموو خزم و کەسوکار و خەڵکی ئاوایی کرد، ئێمەشی ماچ باران کرد و دەرچوون. منیش لەو ماوەیەدا هەموو بیر و هۆشم هەر لەلای شەرواڵە جوان و ئازیزەکەم بوو، هەموو ڕۆژێک دایکمم ڕاپێچ دەکرد کە سەردانی لای میم عەفاو بکاو لە حاڵ و هەواڵی شەرواڵەکەم بپرسێت، ئەویش هەر دەیوت تەنیا دۆخینەکەی ماوە، منیش هەمیشە بیر و هزرم لەلای دۆخین بوو، (جا دۆخین هێندە زەحمەت بێت، میم عەفاو بەو حاڵە دروستی بکات، دەبێ بۆ من، بەستن و کردنەوەی چەند سەخت بێت)..!

هەرچۆنێک بێت، دوای چەند ڕۆژێک دەمەو ئێوارەیەک شەرواڵ تەواو بوو، لەگەڵ دایکم چووین هێنامانەوە، بۆ شەوەکەی دایکم دۆخینی تێخست و تەواو، منیش هەر ئەو شەوە لەبەرم کرد و چەند جارێک دایکم فێری کردنەوە و بەستنی دۆخینی کردم، ئیتر باوەڕم بە خۆم هێنا کە تەواو فێری بووم، دوای ماوەیەکی کەم هەر ئەو شەوە، گوایە چوومە سەر پێشاو، هەرچەندە باوەڕی تەواوم بە خۆم هەبوو کە سەرکەوتن بە دەست دەهێنم، بەڵام بۆ نەگبەتی من لە کاتی کردنەوەی دۆخین گرێکوێرەیەکی تێکەوت و هەرچەندم کرد نەکرایەوە و نەکرایەوە، هەرچەند زیاتر ڕامدەکێشا، مەسەلەکەم لێ ئاڵۆزتر دەبوو، تەواوێک تەنگاو بووم، زۆر دانم بەخۆداگرت، دەرئەنجام کردم بە خۆمدا و شەرواڵم پڕ لە میزکرد، لە خەجاڵەتیدا بەگریانەوە هاتمەوە لای دایکم و ئەوم بە کەمتەرخەم دانا کە دۆخینی جوان بۆ نەبەستووم، بۆیە لە کاتی کردنەوەیدا منی تووشی ئەو میحنەتە کرد، هەر ئەو شەوە دایکم شەرواڵی پاک پاک بۆ شۆردم و بڕێک دڵی دامەوە و ماچی کردم و لەبیری بردمەوە.

دوو سێ ڕۆژێک تێپەڕی، دایکم بڕیاری دا سبەی بۆ (بەن ڕەنگکردن ) بچێت بۆ شارو منیش لەگەڵ خۆی ببات، بە شەرواڵ و کراسەوە، ئەو زستانی ڕابوردوو، بەتایبەتی بە شەوان هەر خەریکی (تەشی ڕێسی) بوو، بە وتەی خۆی نزیکەی ١٢ هۆقە بەنی سپی ڕستووە، ئەوجا بە چەند شەوێکیش هەموو گلۆڵە بەنەکانی کردە (پار)، واتە شێوازی گلۆڵەیی کە خڕە وەک تۆپ، دەگۆڕی بە شێوەی تاڵ تاڵی لەیەکەوە دوور، ئەوەش هەر بە دانیشتنەوە بەدەوری هەردوو ئەژنۆیدا تاڵەبەنەکەی لە گلۆڵەکەی دادەماڵێ و لەم ئەژنۆ بۆ ئەو ئەژنۆکەی تری دەبردەوە، تا بە تەواوی گولۆڵە بەنەکە بچووکتر و بچووکتر دەبووەوە و شێوە نوێیەکەی(پار)ەکە زیادی دەکرد و ئامادە دەبوو بۆ ڕەنگ کردن، هەر ئەو شەوە منی لە گەڵ خۆی برد و چووینە ماڵی مامە خولە کەوا دوو کەریان هەبوو، یەکیان کەرێکی سپی مامناوەند بوو، کە کوڕە گەورەکەی کاکە بلە بۆ دەرودەشت لەگەڵ (ڕان - مێگەل)ەکە دەیبرد و بە (کەرە ناوڕانی)یەکە ناودەبرا، ئەویتریان نێرەکەرێکی هەیکەلی دێزەی دامەزراو بوو، بۆ کاری باراش و هاتوچۆی شار و ئەرکی دی بەکاریان دەهێنا، جا کەرە دێزەیان بە پاڵ و هەگبەکەشییەوە ڕادەست کردین.

بەیانی زوو پێش خۆر هەڵاتن دایکم هەموو پارە بەنەکانی لە هەردووتای هەگبە ئاخنی، زۆریشیان هەر بەدەرەوە بوون، منی بە شەرواڵ و کراسەوە وەک سەربار برد.

دوای ئەوەی دایکم لاقی بەرز کردمەوە، سواری سەر پشتی کەرەکە بووم، من بۆ سواری کەر وەستابووم، ڕەشمەکەشیان دایە دەستم، بە سواری

لە پێشـەوە دەڕۆیشـتم و دایکیشـم لـە دوامانـەوە بـە هەنـگاوە چوسـتوچالاکەکانی تـاوی دەدا، لـە مـاڵ دەرچوویـن کەوتینـە سـەر ڕێگـە ڕاسـتەکەی شـار، هەرچەنـدە ڕێگەکـە خـۆڵ بـوو، بـەڵام ڕێگەیەکـی ڕاسـت و بێ پێـچ و پلـووچ و بێ بـەرزی و نزمـی و گـرد و دۆڵ، ڕێگەکـە نزیکـەی سـەعاتێک و بیسـت خولـەک دەبـوو، کەرەدێـز لـە ڕێگـە چاوی بـە هـەر ڕیـزە قەرسـەقولێک بکەوتایـە، سـەری دادەنواند و تێر بۆنـی دەکرد، ئـەو دەیزانـی ئەگـەر ڕیـزە قەرسـەقول هیـی وەک خـۆی نێرەکـەر بووایـە، ئاسـایی تێـی دەپەڕاند و لـە ڕۆیشـتن بـەردەوام دەبوو، بـەڵام ئەگەر هـی ماکـەر بووایـە، ئـەوە ڕادەوەسـتا و لمـووزی بـە ئاسـماندا دەکـرد و بۆنەکـەی هەڵدەمـژی تـا هـەردوو سـیپەلاکی پڕدەبـوون، بەمـەش ئاراسـتەی ڕۆیشـتنی ماکەرەکـەی دەستنیشـان دەکـرد، خـۆ ئەگـەر بـە هەمـان ئاراسـتەی ڕۆیشـتنەکەی ئێمـە بـەرەو شـار بووایـە، ئـەوە زۆر بـە تونـدی تـاوی دەدا و دەڕۆیشـت، وەک ئـەوەی بڵێـت خێراکـەن بـا پێـی ڕابگـەم، خـۆ ئەگـەر پێچەوانـەش بووایـە، ئـەوە دەبوایـە دایکـم لـە دواوەی بـە داردەسـتەکەی تاوێکـی باشـی بکوتایـە، بێجگـە لـەوەی منیـش بـە ڕەشـمە زنجیرەکـەی خـۆی، تێـر لاملیـم دەکوتـا و حەچـە حەچـەم دەکـرد تـا بـەڕێ دەکەوتـەوە.

هەرچۆنێـک بێـت گەیشـتینە شـار و لەوسـەری قەیسـەری کـۆن بۆشـاییەک هەبـوو، لـە شـوێنی یاریگـەی تۆپانێـی منداڵان دەچـوو، کـە کاکـی بـەن ڕەنگکـەر چەنـد قازانێکـی گـەورەی هەبـوو لـە هیـی سـاوار کوڵانـدن دەچـوو، هەریەکەیانـی لـە سـەر پریمزێکـی نەوتیـی گـەورە دانابـوو، هـەر قازانـە و ڕەنگێـک لـە بۆیاغـی تێدابـوو، بـە دارێکـی درێـژ لـە کلکـە شـەن دەچـوو، (پار)ـە بەنەکانی دەخسـتە نـاو قازانـەکان و هـەر بـەو دارەش هەڵگێڕوداگێـڕی دەکردن و ماوەیەکـی بـاش لـە نـاو بۆیاغەکـەدا دەیکوڵانـدن، پاشـتر هـەر بـە دارەکـەی دەسـتی یـەک بـە یـەک پـارە بەنەکانـی دەردەکـرد و لـە سـەر تەنافێـک هەڵیدەخسـتن تـا بـە تـەواوی کـزر دەبوونـەوە.

ئێمـە پـاش ئـەوەی هەمـوو بارەکەمـان بـە هەگبەکەیـەوە بـە کابـرا سـپارد، هـەر لـەو نـاوە کەرەکەمـان بـە دارتێـل (عمود)ێکـەوە بەسـتەوە و لەگـەڵ دایکـم چوویـن بـۆ نـاو بـازاڕ و قەیسـەری، دایکـم برێـک پێداویسـتی بـۆ ماڵـەوە کـڕی و منیـش کـە داوای کەبابـم لێـی دەکرد، بردمیـە پێش دەرگـەی کەبابخانەکـەی (خورشـید ئەبـوو شـوارب) و هـەر لـە پێـش دەرگـەوە، یـەک شـیش کەبابـی بـە شـێوەی (لفـة) بـۆ مـن و یەکێکیش بـۆ خـۆی بـە ڕادان دا و کەمێـک دووری کەبابخانەکـە دانیشـتین و خواردمـان، پـاش ماوەیـەک چوویـنـەوە لای بـەن ڕەنگکەرەکـە و پـارە بەنەکانیـان لـە هەگبـە نایـەوە و لـە کـەرە دێزیـان بـار کـرد، منیـش سـواری کەرەکـە بـووم و دیسـان بـەرەو ئاوایـی بـەڕێ کەوتیـن، کـەرە دێـز خێرا بەرەومـاڵ دەڕۆیشـت، دایکم لـە دواوە زۆر جار بەجێ دەمـا، بۆیـە هـەرکات هەسـتم بکردایـە دووری نێوانمان زۆر بـووە، (هـۆش هـۆش)م لـە کەرەکـە دەکـرد و ڕامدەگـرت، تـا دایکـم دەهـات، بـەم شـێوەیە دەمـەو ئێـوارێ گەیشـتینەوە مـاڵ، هـەر لـە نـاو حەوشـەکە مـن لـە کەرەکـە دابەزیـم، دایکـم سـەیرێکی کـردم و بـە سەرسـوڕمانەوە وتـی: یاخـوا کوێربـم کـوڕم ئـەوە بـۆ وات لێهاتـووە، کاتێـک هەڵگەڕامـەوە و سـەیری شـەرواڵم کـرد، لـە دواوە چەنـدان ڕەنگـی جیـاواز لـە خـوارەوە بـۆ سەرەوە، (بسـتێکی سـوور و بسـتێکی زەرد، سـەوز، پرتەقاڵـی، بنەوشـەیی، پەمبەیـی...) لە داخـان دانیشـتم و تێر گریام، دایکم هاتـە لامەوە دڵی دامـەوە و وتـی بـە پەلـە دایکەنـە تـا تـەڕە، بـا بـۆت بشـۆرم، دایکـم پـاک شـۆردی، بـەڵام سوودی نەبـوو، پیـرە شـەرواڵ ڕەنگـە جۆراوجۆرەکانـی هـەر پێـوە مـا، هەرچەنـدە دایکـم شـوێنی بەسـتنی دۆخینەکـەی گـۆڕی و بـۆی بەروپشـتیش کـردم، ئەوجا ڕەنگـەکان هەمـووی کەوتنـە لای پێشـەوە، لـە هەمـووی سـەیرتر لـە ژێـر شـەرواڵەکەوە بەدەنیشـم (قاچوقوڵـم، لاڕان و سـمت و کلۆکیشـم هەمـان ڕەنگـی شـەرواڵی گرتبـوو، دوای چەنـد جـار خۆشـۆردن، ئەوجـا خـۆم قوتـار بـووم، بـەڵام شـەرواڵەکەم بـە کەڵکـی لـە بەرکـردن نەمـا و بـۆ دزداشـە بـازە خەتخەتەکـەم گەڕامـەوە، جەژنیشـم هـەر بـەوەوە کـرد.